# فەســـادوگەندەڵی ئیداری یان بەتاڵان بردنی سەروەتی نیشتیمانی ؟؟

**ئەبوبکر ئەحمد سلێمان**

لەکوردستان ماوەی 14 ساڵەبەشێوەیەکی ناشەرعی ودورلەهەرپرەنسیـبێکی دیموکراسی یانەئیدارەی ولات لەلایەن ئەحزابی دەسەلاتدارەوەبەڕێوەدەچێت ، پارلەمان و دەستورێکی هەمیشەیی کە پشت ئەستوربێت بەسەرچاوەی ئیرادەی سیاسی جەماوەری بەرفراوانی خەڵك لەم ولاتەداغائیبەولەئارادانیە ، ماوەی 14ساڵە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەلاتی ئیداری دەوڵەت لەکوردستان بەڕێگای نادیموکراسی یانەوڕاستەوخۆلەلایەن حیزبەدەسەلاتدارەکانەوەبەشێوەی تەوافــــقاتی حیزبی ودورلە پرنسیـبی دیموکراسی ممارەسەدەکرێت ، سەرجەم ئیدارەجۆراوجۆرەکانی دەوڵەت لەسەرەوەبۆخوارەوە ڕاستەوخۆلەلایەن کادروئەندامانی حیزبی بەڕێوەدەچێت وئەوانەنوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵك نین ، ئەگەریش لێرەولەوێ بەسیاسەتێکی دیماگۆگیانەی حیزبەدەسەلاتدارەکان وبە پێی بەرژەوەندی حیزبی نمایش وئارایشێکیان لەئیدارەکانی دەوڵەتدا نیشان دابێت لەژێرناوی هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا ، ئەوەتەنهائاڵوگۆڕی کادرەکانیان بوەلە پۆستێکەوە بۆپۆستێکی دیکەوهیچ کەسێکی غەیرەحیزبی لـەکۆ بەرکێی هەڵبژاردنەکاندا جێگای نەبۆتەوە ، بۆنمونەهیچ کەسێکی غەیرەحیزبی لە پۆستی بەڕێوەبەرایەتی هیچ ئیدارەیەکی دەوڵەت لەکوردستاندا نابیندرێت ، نەك هەرئەوە بەڵکوهیچ کارمەندوفەرمانبەرێك لەکوردستان بەبێ تەسکیەیی حیزبی لەهیچ ئیدارەیەکداقبوڵ ناکرێت وخودی هەڵبژاردنەکانیش بە پێی قانونی ئەحزاب بەڕێوەچون وهیچ پشتیوانیەکی شەرعی ودەستوری لە پشت نەیە .

*زۆرکەس لەوانەی کەبەرلە14ساڵ لەشاخ گەڕانەوە بەپاتەی لاستیك وگیرفانی بەتاڵەوەوخۆیان لەبەرگی پێشمەرگەوپارێزەری سەروماڵی خەڵکی کوردستاندانیشان ئەدا* ، ئەمڕۆبەڕێگای ناشەرعی ولەسایەی ئیدارەی حکومەتی کوردستانەوە *بونەتەملیۆنەری دۆلار* ، هیچ کەسێکیش نیەلێیان بپرسێت تۆکەمانگانە موچەیەکی دیاری کراو وەردەگریت ئەم هەموپاریەت بەچی کۆکردۆتەوە ، زیندانەکانی ئیدارەی کوردستان پڕکراوەلەوکەسانەی کەلەسەر دزینی ڕادیۆیەکی شکاو وشتی لەوجۆرەگیراون ، *بەڵام ئەم هەموگەورەدزانەکەبەملیۆنەها دۆلار لەسەروەتی نیشتیمانی ولات ئەدزن* ساڵانەپلەوپایەی حیزبیان بەرزدەکەنەوەوپۆستی هەستیاروگەورەی ئیدراەی ولاتیان پێ دەسپێرن ، بەدەیان کەس لەئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکوردستانیەکان لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام فایلی ڕەش وپەیوەندی ژێربەژێرو نامەشروعیان بەڕژێمی بەعـــــسەوەلێ ئاشکرابو ، کەچی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچون وگەورەترین پۆستی حیزبی وئیداری یان لەحکومەتی کوردستاندا پێدراوە ، *ئاخرئەم هەموگەورە دزو خۆفرۆشانەچۆن دەبــنەنوێنەری خەڵك وئەوانەچۆن ئەتوانن بەرژەوەندی ولات بپارێزن ؟ ،* کاتێك کەمقدرات وئیدارەودەسەلاتی ولات لەدەستێکی ئەمین ونوێنەرانی ڕاستەقینەوهەڵبژێردراو و جێگای بڕواومتمانەی خەڵکدانیە ، ئیترمەسەلەی فەسادوگەندەڵی ئیداری وبەتالان بردنی سەروەت وسامانی ولات بەڕێگای ناشەرعی دەبــــێتەکارێکی ڕۆتینی وئاسایی .

من هەوڵ ئەدەم سەبارەت بە پێشگرتن لەفەسادوگەندەڵی ئیداری ولات لەچەندخاڵێکداسەرنج وبۆچونەکانم کورت بکەمەوە .

1– بەهۆی ئەوەکەلەکوردستان سیستمێکی دیموکراسی بۆبەڕێوەبردنی ولات لەئارادانیەوئاڵوگۆڕی دەسەلات بەڕێگای پرەنسیـبی دیموکراسی یانەوڕاستەوخۆلەلایەن جەماوەری بەرفراوانی خەڵکەوە مومارـسە ناکرێت ، ماوەی 14ساڵەئیدارەی ولات بەشێوەی تەوافــقات وفیفتی فیفتی لەنێوان یەکێتی وپارتی دا وەیان بەشێوەی دوئیدارەیی بەڕێوەدەچێت ، لەکوردستان دەستورێکی هەمیشەیی نیەکەتیایدا سنوربەندی دەسەلاتی دەوڵەت وئەرك مافەکانی هاولاتی بەشێوەیەکی قانونی ڕۆشن کرابێتەوە .

2- ماوەی 14ساڵەلەکوردستان دەسەلاتی میلیشیایی حوکمی ولات دەکات ، دەسەلاتی قەزایی ودادگاکان جگەلەوەی سەربەخۆنین وڕاستەوخۆلەژێرکاریگەری حیزبەدەسەلاتدارەکان دایە وهیچ سەروەریەك بۆیاسانەماوەتەوە ، تائێستاش قانونی ئەحوالی شەخسی سەردەمی ڕژێمی لەناوچوبەسەرخەڵکی کوردستاندا دەسەپێندرێت ، لەکوردستان بەهەزاران کەس لەموخالفینی سیاسی بەساڵ ودوســـاڵ بەتۆمەتی داتاشراو ونادڕاست ودورلەچاوی دادگاوبەبڕیاری حیزبی وشەخسی زیندانی دەکرێن .

3– نایەکسانی کۆمەلایەتی لەکوردستان زۆربەئاسانی هەستی پێ دەکرێت ، حیزبەدەسەلاتدارەکان بەسەدان هەزار هێکتارزەوی لەموڵکی خەڵك وگشتی داگیردەکەن ودابەشی دەکەن بەسەر ئەندام وهەوادارانی حیزبی دا ، کاتی خۆی ڕژێمی بەعـــس کەئیستملاکی موڵکی شەخسی خەڵکی دەکردوئیفرازی دەکرد 20% ئەوموڵکەی ئەدایەوە بەخاوەنەکەی ، بەلام ئێستاحکومەتی کوردستان تەنها 8%یان10% ئەداتەوەبەخاوەن موڵك ، جگەلەوەی کەخودی ئەم مەکرەمەیەش لەناوئەندامانی حیزبدالەکەسێکەوەبۆکەسێکی ترجیاوازە ، بەرپرسەگەورەکان چەندین پارچەزەوی گەورە ولەبەقیمەت ترین وە لەباشترین شوێنی شاردا پێ دەدرێت ، هەروەهالەدابەش کردنی ئەم مەکرەمەیەدازۆرلەوخەڵکانەی کەچەندین ساڵ پیاوی ڕژێمی بەعـــس بون ئەم خێروبێرەدەیان گرێتەوەپارچەزەویان بەسەردا دابەشکردون ، بەلام بۆبنەماڵەی شەهیدان وهەندێ لەوکەسانەی کەمەکرەمەکەدەیان گرێتەوە دەبێ بچنەدەرەوەی شار ولەشوێنێك زەوی وەربگرن کەبەچەندین ساڵی ترخزمەت گوزاری شارەوانی نای گاتێ ، ئیترئەم نایەکسانیەهەمولایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستانی گرتۆتەوە ، بۆنمونەتەواوی سەرچاوەکانی کەسپ وکەسابەت ودەرامەتی ولات بۆبەرپرسان قۆرغ کراوە ، هێڵەکانی بازرگانی دەرەوەوناوەوەی ولات لەدەست گەورەبەرپرساندایەولەگەڵ باقی بازرگانەبچوکەکانی تری ولاتیشدابونەتەشەریك وسانسۆرو باجی دەرامەتیش نایان گرێتەوە .

4 – حیزبەدەسەلاتدارەکان تەنهالەڕۆژانی تەنگانەولەهەڵبژاردنەگشتی یەکاندا جەماوەری خەڵکی کوردستان یان وەبیردەکەوێتەوە ولەبڕیاری شەڕوئاشـــتیشدا پرسیان پێ ناکەن وئەم هەموخێروبێرەش کەحیزبەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن بەهیچ شێوەیەك خەڵکی کوردستان ناگرێتەوە ، حیزبەدەسەلاتدارەکان جەماوەری خەڵکی کوردستان یان تەنهابۆئەوە دەوێت کەلەڕۆژانی چارەنوس سازوتەنگانەدا پشتیان بگرن ولەڕۆژانی خۆشی وشادی حیزبەکاندا شەڕەپەڕۆیان پێ بکەن وسەرچۆپی ئاهەنگی سەرکەوتنەکانیان بۆبگرن ، بەلام ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان خەڵکانی نارازی بەرێپێوان بۆدەربڕینی نارەزایەتی وداخوازیەکانیان بچنەبەردەم بارەگاکانیان بەشەق تێهەڵدان وبەفیشەك جوابیان ئەدەنەوەوڕاویان دەنێن وڕا پێچی زیندانیان دەکەن وپێیان دەڵێن ئێوەلەیاسادەرچون وگێرەشێوێنن .

5 – ئەگەردەسەلاتی دەوڵەت وئیداری بۆبەڕێوەبردنی ولات لەڕێگای سیستمێکی دیموکراسی کەپشت ئەستور بێت بەئیرادەی جەماوەری بەرفراوانی خەڵك بەڕێوە نەچێت ، ئەگەرئیرادەی سیاسی جەماوەری بەرفراوانی خەڵك نەبێتە سەرچاوەی دەسەلات ودەستورێکی هەمیشەی سەبارەت بەسنوربەندی دەسەلاتی دەوڵەت ودەست نیشان کردنی ئەرك ومافەکانی هاولاتی ، هەرگیزئەندامانی حیزبی ناتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەقینەببنەنوێنەری خەڵك ، حیزب بەرژەوەندی کۆمەڵێك خەڵك وە یان لەباشترین حاڵەتدا بەرژەونندی
چینێکی دیاری کراوی کۆمەڵگاڕابەرایەتی بکات وهەرگیزناتوانێت ببێتەنوێنەری هەموچینەکانی کۆمەڵ .

6 – پێویستەحیزبەکوردستانیەکان بەمەبەستی بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان وهەڵوەشاندنەوەی دەسەلاتی بیروکراسی یانە وبن بڕکردنی دیاردەی فەسادوگەندەڵی ئیداری ، لەپێش هەموشتێکەوە ڕێگەبدەن کەلیژنەیەك لەکەسانی سەربەخۆ وپسپۆڕان ودڵسۆزانی ولات بەدەنگدانکی گشتی ڕاستەوخۆلەلایەن خەڵکەوەهەڵبژێردرێن بۆنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی کوردستان وپاشان لەڕیفراندۆمێکی ئازادانەداجەماوەری خەڵکی کوردستان بتوانێت سەربەستانەدوابڕیاری خۆی لەسەرئەودەستورەبدات .

7 –هەموئەوکەسانەی کەبەهۆی مەوقعیەتیان لەئیدارەکانی دەوڵەتداولەسەرحسابی خەڵکی کوردستان وبەشێوەیەکی ناشەرعی سەروەت وسامانی ولاتیان بەتالان بردووەوگیرفانی خۆیان لێ پڕ کردوە ، پێویستەبدرێنەدادگایەیەکی عەلەنی ولەبەرچاوی خەڵێکی کوردستانداحســـابیان لەگەڵدابکرێت بۆئەوەی قاچاخچی وتالانچیانی نیشتیمانی لەلای خەڵك بناسرێن وچی ترلەژێرناوی پیرۆزی پێشمەرگەوپارێزەری ولاتداسەروەت وسامانی کوردستان بەتالان نەبەن ، باحکومەتی هەرێمەکانی کوردستانیش سەروەری یاسابەسەرهەموکەسێکی خەتاباری ئەم ولاتەدابەشێوەیەکی یەکســـان بچەسپێنن ، 14ساڵەیاســـا تەنها بەسەرسەری خەڵکی فەقیروهەژاری کوردستانداسەروەرە وتالانچیانی ولاتیش بونەتەسەروەری یاســـا .

2005-5-19 هۆڵــندا